# ئەو كاتەی دین و دەسەڵات ئاوێزانی یەكدەبن !!

گۆران عەلی

2005 9/24

### " خۆپیشاندەران كافرو بێئەخلاقن"

### خوتبەی نوێژی هەینی مەلاكانی كەلار*

كوردستانی نوێ لە رۆژی 9/8 دا بەشێك لە خۆپیشاندەرانی شاری كەلار بە ئاژاوەگێڕ ناوزەد دەكات و لە رۆژی 9/9 داو لە خوتبەی نوێژی هەینیدا ژمارەیەك لە مەلاكانی كەلار دژی خۆپیشاندانەكە گووتار دەخوێنن و بە خۆپیشاندەران دەڵێن كافرو بێئەخلاق !

ئەگەر لە پەیام و ناوەڕۆكی چینایەتی و سیاسی ئەم دوو گووتارە ووردبینەوەو بەراوردیان بكەین بە یەكتری ، دەبینین بێجگە لە زمان و شێوازی دەربڕینەكە جیاوازییەكی ئەوتۆ لە نێوان ئەو دوو گووتارەدا نییە ! هەردوو گووتارەكە بۆ پارێزگاریكردنە لە دەسەڵاتێك كە ناڕەزایەتییەكی بچووكی ڕووبەڕوو كراوەتەوە ، هەردوو گووتارەكە بۆ كپكردنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەرێكە كە بێجگە لە هاوارو ناڕەزایەتی هیچیتر شكنابەن بۆ كەمكردنەوەی مەینەتییەكانیان !! یەك بەرژەوەندی هاوبەش لە هەردوو گووتارەكەدا دین و دەسەڵاتی پێكەوە گرێداوە !!

دین و دەسەڵات هێندە خۆیان بە لازم و مەلزومی یەكتر زانیوەو دەزانن، هێندە هاوتەریبی یەكتر وەستاون و دەوەستن كە زۆرجار هەڵوێستیان ، خیتابیان ، بە ئاسانی لە یەكتر جیاناكرێتەوە!!

ئەم هاوگووتاری و هاوپەیمانێتییەی نێوان دین و دەسەڵات نە تازەیەو نە بە نیازیشن كۆتایی پێبهێنن ، ئەگەر زۆر دوور نەكەوینەوەو تەنها بگەڕێینەوە بۆ ئەو رۆژانەی كە بەعس كوفرە گەورەكانی ئەنفال و كیمیابارانی هەڵەبجەی تیا ئەنجامدا، دەبینین نەك مەلاكانی كەلار بەڵكو مەلایەك لە مەلاكانی كوردستان و ئێراق (چونكە تەبا بوونی دین لە گەڵ دەسەڵاتدا فەرزێكە لە فەرزەكان !) بەرپەرچی ئەو كوفرەیان نەدایەوەو بە بەعسیان نەووت كافرو .... بە پێچەوانەوەشەوە لە هەمان هەفتەی ئەنفال و كیمیابارانەكەدا ، زۆربەی مەلاكانی ئێراق و كوردستان ، كۆتایی گووتاری ئەو (جومعە)یان دوعای خێر بوو بۆ سەرۆكی فەرماندە صدام (خوا بیپارێزێت!!) ، ئەو دوعاكردنە ئیمزادان بوو لە كوفرە گەورەكانی ئەنفال و كیمیاباران ، ئەو دوعای خێركردنە هاوپەیمانێتی بوو ، ئەو بێدەنگییە دەربڕینێكی گەورە بوو بۆ پەیوەندییە دێرینەكانی دین و دەسەڵات ، لە گووتاری ئەو (جومعەدا) سەرۆكێكی چنگ سور بە خوێنی خەڵكی ئێراق دەكرێت بە پاڵەوان و شیعری بە باڵادا هەڵدەدرێت ، بەڵام لە گووتاری ئەم (جومعەدا) خەڵكێك كە خوێنیان لە بەر دەچۆرێت دەكرێت بە كافرو بێئەخلاق ، ئەوەی لە نێوان ئەم جومعەو ئەو جومعەدا گۆڕاوە تەنها زەمەنە ، بەڵام ئەوەی كە لە نێوان هەردوو جومعەكەدا نەگۆڕە ، هەڵوێستی دینە كە لە بەرەی دەسەڵاتدایە نەك بەرەی خەڵكی برسی و نارازی!!

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هاوپەیمانێتییەو سەرقەڵەمانەی ئەو دوعای خێرو پاراستنە* ، بەعسی هاوپەیمانیش دروشمی (الله اكبر)ی زیاد دەكرد بۆ ئاڵای ئێراق ، شمشێری (حملات ایمانیە)ی ساو دەدا بۆ ملی ژنانی ئێراق و تا دەهات ئێراقی بەرەو ئیسلامیزەبوون دەبرد و قورئانی بە خوێنی سەرۆك دەنوسیەوە !!

عاشقبوونی دین و دەسەلآت بە یەکتر ، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیەو لە هەموو چیرۆکە بیستراوەکانی عەشق کۆنترو بە تینتریشە ،تەنانەت عەشقی دین و دەسەلآت وەک عەشقەکانی پێش خۆی تەمەن کورت نەبووەو هیچ بەکرەشۆفارێکیش نەیتوانیوە لەو نێوەندەدا ڕۆڵێکی خراپی هەبێت !

ئەم دوو عاشقە هەمیشە گۆرانی بۆ یەکتر دەڵێن ، غەزەل بۆ یەکتر دەنوسن ، بەیت و شانامەو چیرۆکەشیعرو تەنانەت ڕۆمانەشیعریش بۆ یەکتر دەهۆننەوە !

دەسەلآتی عاشق هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ڕێژەی بەرز بەرز بۆ مەعشوقەکەی دابنێت(وەک ئەوەی لە 98% ی کۆمەڵگای ئێمە موسڵمانن!!)، ئایینی مەعشوقیش هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە دوعای خێرو پاراستن بۆ دەسەلآتی عاشق بکات ! دەسەلآتی عاشق سیستانی دەکات بە ڕەحمەت و بەرەکەتێک کە لە لایەن خواوە بۆ خەڵکی عێراق دابەزیبێت ! سیستانیش (فت)وا دەدات کە هەر کەسێک بەشداری هەڵبژاردن نەکات کافرە ! نهێنی درێژبوونەوەی تەمەنی دین و دەسەلآتی چینایەتی بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ ، لەم عیشق و بۆیەکتر سوتانەدایە !

دین و دەسەلآت هێندە بۆ یەکتری سووتاون و دەسووتێن ، هێندە لافاوی ئەسرینیان بۆ یەکتر سەردەکات ، کە لە ئاوو گەرووی تینوو دەچن ، لە ڕووبارو کەنار دەچن ، لە مەنجەڵ و سەرقاپ دەچن ، کە ئاوێزانی یەکیش بوون لە ئاگرو پووش دەچن و دەتوانن کۆمەڵگایەک بسوتێنن ، لە جگەرەو دەنکە شقارتە دەچن و هێندە بە مەترسین کە ڕەنگە ناخی کۆمەڵگا وەک ناخی جگەرەخۆر ، گڕ تێبەردەن ! بە بڕوای من کۆمەڵگا مۆدێرنیستەکانی دونیا هەرزوو هەستیان بە مەترسی ئەم ئاوێزانبوونە کرد بۆیە (جیایی دین لە دەسەلآت)یان کرد بە درووشمی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ، تا ئازادی بپارێزن لە هێرشی هاوپەیمانان ئەو کاتەی کە ( ئاوێزانی یەکدەبن !!).

goranmad@hotmail.com

---

* سەرچاوەی ئەم هەواڵە ووتارێکی بەڕێز (محمد حسين )ە لە دەنگەکاندا .
* سەرقەڵەمانە : ئەو بڕە پارەیە دەدرێت بە مەلایەک لە بەرامبەر دوعادا.